کوژرانی سەرکردەیەکی داعش لە سوریا

ئەمە هەینی، دەزگای دژە تیرۆر کوشتنی بەناو والی (ولایەتی خەیر و بەرەکە)ی تاقمی تیرۆریستی داعش، لەگەڵ دوو هاوڕێکەی، لە شاری حەلەبی سوریا ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکی دژە تیرۆردا هاتووە ، "بە پشتبەستن بە زانیاری و هەوڵە ئەمنی و هەواگرییە چڕەکانی قارەمانانی دەزگای دژە تیرۆر، هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئۆپەراسیۆنەکەی فەرماندەیان لە قوڵایی ناوچەی کەماری عەرەبی سوریا، بە تایبەتی لە پارێزگای حەلەب ئەنجامدا. لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا ،کوژرانی یەکێک لە سەرکردە هەرە مەترسیدارەکانی داعشی تیرۆریستی لەکوتوون، لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "بۆپەی زانیارییە دروستەکان، ئەو تیرۆریستە پێشتر پەستی (والی سەر بە پارێزگای فورات و ئەندامی لیژنەی وەفدکراو)ی بەدەستەوە بووە و لە ئێستادا بەناو والی (ولایەتی خەیر و بەرەکە)ی گروپی تیرۆریستی داعش، ئەو ئامانجێکی ئاستی یەکەم و چالاک و زۆر کاریگەر، هەروەها دەزگای هەواگریی دژە تیرۆریش دەستگیریکردووە،لەسەر فەرمانی دەستگیرکردن کە لەلایەن دادوەرێکی دەزگای دژە تیرۆرەوە دەرچووە".

لە بەیاننامەکەدا دووپاتی کردۆوە کە "هێزە ئەمنییەکانمان و هەوڵە هەواگرییەکانیان بەردەوامن لە

ئەرکە ستراتیژییەکانیان بە بەدواداچوون بە پاشماوەی گروپە تیرۆریستییەکان، چ لە چوارچێوەی سنوورە نیشتمانییەکان و چ لە قووڵایی هێشە دەرەکییەکان".